# ڕێکەوتن و پرۆتستۆ لە پێناوی بەرژەوەندی گەل یان پەڕاوێزکردنی گەل!

**شاخەوان شۆڕش**
28.07.2007

هەردوو بیرۆی ڕامیاری و هەردوو سەرۆکی هەردوو پارتی دەسەڵاتداری کوردستان مەسعود بارزانی و جەلال تالەبانی لە هاوینەهەواری دوکان لە 27ی ژوڵای دا کۆبوونەوەیان کرد و گەیشتنە هەندێ بڕیار سەبارەت بە پەیوەندی نێوانیان. گوترا ئەنجامی کۆبوونەوەکە ئەوەبووە کە بڕیاردرا پەرە بە پەیوەندی نێوان هەردوولا بدرێت و ڕیککەوتن ئیمزا کراوە. بەپێی ڕاگەیاندنەکانی هەردوولا ڕێکەوتنی ستراتیژی مۆرکراوە. هەردوو سەرۆک ئەوەیان دووپاتکردەوە کە ئەوان لەپێناوی بەرژەوەندی گەل و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی گەلدا لەسەر خاڵی گرنگ ڕێککەوتوون. دیارە نەگوترا لەسەر چی ڕێککەوتوون و ئەو خاڵە ستراتیژیانە چین کە ئەوان لەسەری ڕێککەوتن.

هەروەها چەند ڕۆژێک لەمەوبەر فراکسۆنی سەوز و هەندێ کەسی دیکە جگە لە فراکسۆنی زەرد، لەسەر ناتەبایی لە بڕیارێک سەبارەت بە نەوت وەک پرۆتستۆ هۆلی پارلەمانیان بەجێهێشت. ئەندامێکی پارلەمان بە ناوی "ئاریێز" لە تەلڤزیۆنی کوردسات بۆ ماوەی نیوکاتژمێر لەسەر ئەو بابەتە دوا، گوتی "ئێمە دەمانەوێ بڕیارێکی ڕێکوپێک دەربچێت و لەبەرژەوەندی گەلدا بێت، ئێمە دەزگای مۆری کەس نین و نوێنەری گەلین". گوتی "ئێمە دژی کانونی نەوتی ئێراق نین، دژی ئەو کانونەش نین بەڵام دەمانەوێ ڕێکوپیک بێت". ئەو بەڕێزە نیوکاتژمێر دوا، بەلام نەیگوت لەسەرچی ناتەبان و خاڵە ناکۆکەکان چین.

واپێدەچێ هەردوو سەرۆک لەسەر هەندێ کێشەی ئەو دواییەی نێوان هەردوولا بۆنمونە ناتەبایی فراکسۆنی سەوز و کێشەی دەسەلات و بابەتی تر کۆبوونەتەوە. دیارە تاڵەبانی گوتی "ئێمە لەگەڵ پ.د.ک ریککەوتووین و پێویستی نەدەکرد فراکسۆنی سەوز بچنە دەرەوە". بەم واتایە ی.ن.ک و پ.د.ک بڕیاریان داوە و ئەوان لەسەریانە مۆری بکەن. واپێدەچێ لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە ڕووداوی لەو شێوەیە لە داهاتوودا ڕوونەداتەوە. دیارە هەر خۆیان دەزانن لەسەر چی ڕێکەوتوون، چونکە ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکە ئاشکرا نەکراوە، وەکو پیشەی هەمیشەی هەر دەسەڵاتێکی داخراو.

لە کاتێکدا کە گەل نازانێ سەرۆکەکانی دەسەلات لەسەر چی ڕێککەوتوون، بەچی بزانێ ئەوان لە پێناوی بەرژەوەندی گەلدا ڕێککەوتوون؟ بۆ ئەو ڕێکەوتنە ستراتیژییە و بۆ بەرژەوەندی گەل ستراتیژییە، کەس ناتوانێ هەڵیبهێنی یا وەلامی بداتەوە ئەگەر نەزانرێ ڕێککەوتنەکە چییە. ئایا ئەگەر بارزانی و تاڵەبانی سەرۆکی گەلن نابێ بە خەڵک بڵێن لەسەر چی ڕێککەوتوون؟ لەسەریانە ڕوونیکەنەوە بۆ ڕێکەوتنەکەیان لەسەر ئەو خاڵانە لەبەرژەوەندی گشت دایە؟ بۆ وردەکاریەکانی ڕێکەوتنەکە و خاڵە ناکۆک و کۆکەکان بۆ گەل ئاشکرا ناکەن؟ ئایا ئەو ڕێکەوتنە لەسەر بەرژەوەندی خۆتاندا نییە؟ بۆ پێتان وایە بەرژەوەندی ئێوە بە بەرژەوەندی گەل یەکسانە؟ بەڵگە زۆرن کە دەیسەلمێنن دەکرێ بەرژەوەندی ئێوە نەک هەر بە بەرژەوەندی گەل یەکسان نییە بەڵکو ڕێکوڕاست دژیەتی. دوورنەڕۆین ئەو دوو دەسەڵاتییەی سلێمانی و هەولێر ڕێک دژی بەرژەوەندی گەلە.

ئەو کارەی هەردوو سەرۆک و شاردنەوەی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنی نێوانیان، جگەلەوەی ئاماژە بە درێژەی سیستەمێکی داخراو دەکات و ڕێزنەگرتنە لە بوونی گەل، ئاماژە بە دەسەلاتی پارت بەسەر دەزگا و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەدا دەکات. ئەوان دەتوانن ڕێکەوتن لە نێوان خۆیاندا بکەن، بەڵام ئەگەر ئەو ڕێکەوتنە بەسەر دامەزراو و دەزگا ستاتیەکاندا سەپێندرا، ئەوە بێگومان دەسەڵاتی ڕەهای پارت و سەرۆکەکانە فەرمان دەکات. ئەو دیاردەیە لەگەڵ بوونی دەسەلاتی ئەو دوو پارتەدا هەمیشە زاڵ بووە و هەبووە.

سەبارەت بە فراکسۆنی سەوز و ناتەباییان لەسەر بڕیارێک، بەبێ ئاشکراکردنی خاڵی ناتەباییەکان و پێدانی ڕوونکردنەوەی پێویست، گەل بەچی بزانێ کەوا نوێنەرانی ئەو بەرگری لە بەرژەوەندی گشت دەکەن؟ پارلەمانتاران چۆن دەتوانن خۆیان بە نوێنەری گەل بزانن، کە ئامادە نین لە وردەکاری کێشەکان ئاگاداریان بکەنەوە؟ دیارە لەسەر نوێنەرانە بە ڕاکشاوی و کراوەیی لە ورد و درشتی کێشەی هەر بڕیارێکیان خەڵک ئاگادار بکەنەوە و بۆیان ڕوونکەنەوە

که چۆن و لەبەرچی چارەسەر یا بڕیاری ئەوان لەگەڵ بەرژەوەندی دەنگەدەرانیان بەتایبەتی و خەڵک بەگشتی گونجاوە.
پاشان فراکسۆنی ناتەبا دەڵێن ئێمە دژی کانونەکە نین، گەیمان لە کانونی نەوتی ئێراق نییە! ئەدی ئێوە لەسەر چی ناتەبان بۆ بە خەڵکی راناگەیەنن، ئەگەر نوێنەری پارت نین و هی گەلن. ئەدی بۆ بە کراوەیی کارناکەن و پەیڕەوی سیستەمی داخراو وەکو سەرۆکەکانتان دەکەن؟ ئەوەی کە ئەوان دەبوایە هەڵوێستیان لەسەر هەبێت کانونی نەوتی ئێراق بوو، کە دەسەڵاتی کوردی تیایدا سەرکەوتوو نەبوو، بەلام ئەوان لەسەر ئەو بابەتە هەستیارە هەڵوێستیان نییە، گەییان نییە و بڕیاریان داوەتە دەست سەرۆکەکانی هەردوو پارت. ئەگەر پارلەمانی کوردستان نەتوانێ هەڵوێست لەسەر ئەو بابەتە وەربگرێت، چۆن خۆی بە نوێنەری گەل دەزانێت؟!
شاردنەوەی خاڵی ناتەبایی لە خەڵک، پێنەدانی ڕوونکردنەوەی تێروتەسەل لەسەر کێشەکان، ئاماژە بە بوونی نوێنەرانی گەل لە پارلەماندا ناکات، بەڵکو ئاماژە بە بوونی بەرژەوەندی تایبەت و پارت دەکات کە لە لایەن ئەندامانی پارلەمانەوە بەرز ڕادەگیرێت. ئەندامی پارلەمان لەسەری ئەرکە (بەئارەزووی خۆی نییە) خەڵک لە ناوەرۆکی کار و هەنگاوەکانی ئاگادار بکاتەوە. ئەگەر ئەوە نەکات و شت لە خەڵک بشارێتەوە، ئەوە واتای پێشێلکردنی ئەرکەکانیەتی وەکو پارلەمانتار کە لە لایەن گەلەوە ڕەوایەتی وەرگرتووە. سەرۆکی دەسەڵات لەسەری ئەرکە (بە ئارەزووی خۆی نییە) خەڵک لە کار و هەنگاوەکانی ئاگادار بکاتەوە، چونکە ئەو ڕەوایەتی لە لایەن گەل پێدراوە، ئەگەر وانەکات ئەو کەسە ئەرکی خۆی بەجێ ناگەیەنێت. ئەوە ئەگەر ئەوانە دەرهاویشتەی پرۆسەیەکی دیموکراسی بن.

لە سیستەمی کراوەی دیموکراسیدا گەل لەم کارەی پارلەمانتار یا سەرۆک بێدەنگ نابێت، کە دەکرێ ببێتەهۆی گۆڕینی سیستەم و دەسەلات. جگەلەوەی پارت لە ئاست دامەزراو و دەزگا ستاتیەکان بێدەسەڵاتە و ناتوانێ بڕیاری ڕێککەوتنێت ڕەمەکی بەسەر ستاتدا بسەپێنێت. پارت و ڕێکخراوە دەسەڵاتدارەکان تەنها دەتوانن لە کەناڵە کانونی و دیموکراسیەکاندا هەوڵی بەکانونکردنی بەرژەوەندیەکانیان بدەن.